# برسیەکان دادگایی مەکەن،
# خۆتاندەبێ لەبەردەم دادگادا بوەستن



**پەیمان غەریب**
paimangarib@yahoo.com

چەند رۆژێك لەمەوبەر لە گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر 2 خوشك بەناوی {سەبرییەوقەدرییە عومەری تەمەن 46و 42} 29 رۆژ لەبەر هەژاری‌وکەم دەرامەتی نان نەبووە بیخۆن لەدوایدا باری تەندروستیان خراپ بووەو ڕەوانەی نەخۆشخانە کراون. دوای ئەوەی هەردوو خوشك بە نیوەگیانی گەیەندراونەتە نەخۆشخانەی فریاکەوتن، پۆلیس لەوبارەیەوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کردوون‌و ئەو ئەفسەرەی کە لەگەڵیاندا لێکۆڵینەوەی ساز داوە ڕایگەیاندووە کە بە پێی ماددەی 240 لە یاسای سزادان ئەو کارەی ئەو دوو ژنە ئەنجامیانداوە تاوانە، چونکە هەوڵی خۆکوشتنیان داوە، بۆیە پێویستە بۆ دەرچونیان لە نەخۆشخانە ڕەزامەندی دادگا بەدەست بهێنن. ئێستا ئەو دوو ژنە لە نەخۆشخانە دەست بەسەرن بە پێی ئەو یاسایەی بێ وویستی خۆیان سەپێنراوە بەسەریاندا. شایەنی باسە ئەم دوو خوشکە بۆ بەدەستهێنانی نانی رۆژانەیان بەو تەمەنەیان کاری تاقەت پروکێنیان کردووە بەڵام ئێستاکە ئەوانیش وەکو بەشێکی زۆر خەڵکی وەك خۆیان بێکارکراون*.

بەڵام ئەوە هەر سەبریەو قەدریە نین کە ئەمڕۆ برسێتی بەرۆکی پێگرتوون‌و ڕووبەڕووی مەرگی شێنەیی بوونەتەوە، مەعلوم نییە ئێستا کوچەو کۆڵانەکان لاشەی ووشك هەڵگەڕاوی چەند منداڵ‌و پیرولاوی تری گرتۆتە باوەش. ئەمە کوێرەوەریەکە لەژێرەوە کۆمەڵگە دەگوشێ کەچی هاوکات لەولاشەوە دەبینرێ ژمارەیەك لە لایەنگرانی ئەحزابی دەسەڵاتدار ڕژاونەتە سەر شەقامەکان‌و ئاهەنگی بوون بە سەرۆکی مسعود بارزانی دەگێڕن. وەك ئەوەی بوون بە سەرۆکی ئەو خۆشی بێت بۆ خەڵك. لێرەدا بەڕۆشنی دەردەکەوێت کە مەبەستێك کە ئەم شایی‌و خۆشیانەی بۆ ساز دەکرێت چەندە پەیوەندی بە کۆمەڵگەوە هەیە. پرسی خەڵکی ڕەش‌و ڕووت‌و بێدەرامەت‌و ئەوانەی لەسەر تەختی دەسەڵات دانیشتوون چەندە بە یەکتر نامۆن. هیچ سەیر نییە کە لە لایەك هەواڵی نەهێشتنی دانی خۆراکی بڕیاری 986 ببیستین‌و لەو لاشەوە ئەم هەواڵانە بەرگوێمان بکەون . ئەوانەی کە دەستیان بەسەر داهات‌و دەرامەتی خەڵکدا گرتووە، باکیان بەوە نی‌یە وە ئەوە نابینن کە خەڵکی لەولاوە

ژیانیان چۆنه. بۆیه هێشتا خۆراکیشان لێ دەبڕن. لەوەش قەباعەتتر ئەوەیە کە هێشتاش ئەو خەڵکەی ئەم نانەی لێ بڕاوە تاوانبارە نەك ئەوانەی بڕیویانە. ئەوە چ قانونو یاسایەکە کە لەسەرە مەرگیشدا ئینسانەکان مەحکوم ئەکات؟ ئەوان شانی خۆیان لەبەرامبەر مەسولیەتی بژێوی خەڵك خالّی دەکەنەوە. ئەوە دەوڵەتە دەبێ ژیانو گوزەرانیان دابین بکات. ئەگەرئەو قانونەی پەیڕەوی دەکرێت یەك زەڕڕە ئینسانی بێ دەبێ سزای ئەو کەسانە بدات کە خولقێنەری ئەم ژیانە پڕ مەینەتەیو بێبەشی‌یەن بۆ خەڵك. ئەگەر سەبریەو قەدریە ژیانو بژێوی ڕۆژانەیان دابین بوایە بۆچی خۆیان وایان لە خۆیان دەکرد؟ کەس هەیە دەستی بچێتە گیانی خۆی؟!

21 -06- 2005

---

- ئەم هەواڵە لە سایتی پەیامنێر وەرگیراوە :
  http://www.peyamner.com/article.php?id=12977&lang=kurdish
- بڕوانە هەمان سەرچاوە